

# ئەی خۆزگە، ئەو دێوە
# هەزار سەری دەبوو!

ئەحمەد شاملو

لەفارسییەوە: سەلاح نیساری

رۆژگارێك بەسەردەبەین ،کە دووکەڵی کرداری سیاسی دەوڵەتان، تارمایی خستۆتە سەر ئاسۆی زانست و عیلم و هونەری گەمارۆداوە.

راستییەکانی لەت و کوت بوونی زانستی لە (فیزیا و ئەستێرەناسی و ئابوری و فەلسەفەوە...) هەتا ئەو رادەیە دەخەنەڕوو، کە لەنێو خەڵکدا برەوییپێبدەن، (سیاسەتی رۆژ) دنیای گەرەکەو زانست و هونەر تا ئەو جێیە بەڕەوادەزانن، کاردانەوەی لەرزۆك نەخاتە سەر بیرومێشکی کۆمەڵگەی مەدەنی شارستانیتیەوە، بەڵکو ئەوان لەسەر باوەڕێکی پتەو و گرێدان بە (سیاسەتی رۆژ)ەوە رابێنێت. بە پێویستی نازانن، یان بۆیان گرنگ نییە سەرلەوە دەربکەن، کە سەفەرەکانی فەزاو نیشتنەوە لەسەر مانگ، خۆی لە خۆیدا زۆرێك لە شانەکانی بیروهۆشی بەسەر یەکدا دەڕوخێنێ، بیروفکری نوێ دێنێتە گۆڕێ یان نا، بە بڕوای ئەوان هەر ئەوەندە بەسە، کە دوو دێڕ هەواڵی راست یان درۆ لە رۆژنامەکاندا بخوێندرێتەوەو بدرێتە بەر سەرنج... ئیتر تەواوە. سەمەد بێهرەنگی.

***لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی (تەلاری هەتاو)**

دەرکەوتنی هەتاوی روخساری سەمەدی رووناکبیر و جوامێر و سەرپەتی، کۆی نوسراوەکانی بریتییە لە حەوت، هەشت چیرۆکی کورتیلەو درێژۆکە بۆ منداڵان. چەند وتاری مام ناوەندی و درێژی لەمەڕ چۆنیەتی پەروەردەوەو کۆمەڵێك یاداشت و کۆکراوەی فۆلکلۆری ئازەربایجان. دەکرێ ئەوە بۆ رووناکبیرانی ئێمە لە چەشنی کڵاو قووچێك بێت، هەروەك لە (قوتابخانەکانی کۆندا) دەیانکردە سەری منداڵانی تەمبەڵ و تەوەزەلی دەرس نەخوێن. دەپرسی بۆچی؟

دەڵێین لەبەرئەوەی درەوشاوەیی روخساری کەسێك وەك سەمەد، بەهۆی بایەخ و مەزنایەتییەوە حاشا هەڵنەگریی کەسایەتی ئەو دەخاتەڕوو. نوقستانی و بێ تروسکەیی و کڕوکپی ( کۆمەڵگە رووناکبیرانی دەریدەخات. بە بەرچاومانەوە مرۆیەکی ئاوا بە نرخ و هەرگیز نەگەڕاوە لە چەشنی سەمەد بێهرەنگی لە دەستدەردەچێ، تاڵێك لە تەنافێك و گۆڵێك لە زنجیرێك ناپسێ و جەنگاوەرێك ناگلێ ، بەڵکو بۆ بنەماڵەی کۆمەڵی نوسەرانی ئێران (رووچوون و کەلەبەرێکی گەورەیە لەو کۆمەڵگەیەدا)! (جێی خۆیەتی کە ئەوەی لێ زیادبکەین، کە ئەوپەڕی نوشستی و ریسوابوونە بۆ ئێمە بە گشتی، چونکە ناتوانین جێی بەتاڵی سەمەد بە سەمەدێکی دیکە پڕبکەینەوە، بەڵام هێشتا ئامادەنین دەستبەرداری کۆمەڵگەی ئێمە) بن!

کاتێك کۆمەڵی هونەرمەندان و نوسەران و رووناکبیرانی ئێمە باس لەوە دەکەن، کە لەگەڵ سەمەد خزم و کەس و کاری یەکترین. ئەوە مەسەلەیەکی جیاوازە، خۆ ئەگەر بەڕێزەوە بۆ راستییەکان بڕوانین، تێدەگەین کە سەمەد لە (ئێمە) نییە. حەق وایە ئەو لە ریزی رزگاری و سەربەخۆیانی بێ مەرگ بێنینە ئەژمار، تەنانەت کە لە تافی لاویدا، ئاوێتەی رووباری سارد و سەرهەڵگرتووی ئاراس نەبووبا، عومری نوحی دەکردو دواتر بە مردنی خۆی ئەو رێییەی هەر وەبەر دەهات، لەبەرئەوەی لە رۆژگاری ئێمەدا، (تێگەیشتن) و (بێدەنگ بوون) وەك سەروەتێکی گەورە وایە، کە بیرمەندان



لەمەڕ ژیان و گوزەرانەوە لەسەرتاسەری دنیادا پشتی پێدەبەستن. هونەر و زانست دەکەنە تیشك بۆ بەرپێی ژیان لوشانی حەقیقەت کوژو ئاوەز خەڵەتێن، لە بەرژوەندی تالانچیاندا، حەقە دەستێکی فرە بە لای خۆیاندا بخەن. رازیبوون بە ژیانێکی دارماڵ لەهەژاری و کەساسی وەکو ژیانی سەمەد، رازی بوونە بە سەختییەك کە شەهادەتی شەهیدانی وەکو مەنسوری حەلاج لە بەرامبەر خۆشی و زەماوەند لەگەڵ کچی جوانی قاڕووندا_ ئاخۆ بەڕاستی لەو رۆژگارەی کە شارەکە پڕە لە باق و بریق و خێر و خۆشی! بیر و هونەر و ئاوەز، دەکرێ بەگرانترین شت مەزەندەبکرێ و هەر لەو رێچکەیەشەوە دەتوانی بگەی بە لوتکەی قازانج و سەروەتەکانی هێمنایەتی و تەبایی؟ ئەگەر چاوچنۆکی نەبێ، تەمەن و لاویەتی بێگەڕانەوە بەخۆڕایی بدەی بە کەژ و کۆدا، بەڵێن و باوەڕی تاقەت پروکێن لەئەستۆبگری و دەستەو یەخەی فریوو دەهۆو چاوبەستان بیت، بەسکی برسی و دەستی بەتاڵەوە، لەچەشنی کۆچەران ماڵ بە کۆڵ سەر هەڵگرتووی کێو و بیاوان بوون و رازی بەنانی وشك و جانتایەك کتێب لەکۆڵدا لەم دێ بۆ ئەو دێ تەرخانکردنی کات و ژیان بۆ فێرکاری و بارهێنانی منداڵی لادێ نشین و دووره شارستانیەت. بە قەولی (جەلال) ویژدانی بەخەبەری دوور خراوەیەکی پەروەردە، خۆ بەدەستەوەدان نییە لە ژێر ئەشکەنجەدا، لە ژێر نوکی شیر و نێزەدا لە خۆڵ و خوێن گەوزابێت، تەنانەت ئەگەر بۆ بەربەرەکانی بێت لەگەڵ نەیاران و پارێزگاریکردن لە هەبوونی خۆشی _ لەوەش تاڵترە؟ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژیانێك لەم چەشنە هەرچەندێ بچێتە پێشێ لەوە زیاتر کۆسپ و تاڵی بە نسیب نابێ؟

دەبا باسێك لە (کۆمەڵ) نەکەین، یاخود ئەگەر کردیشمان قسە لە(بە تالایی قەرەبوو نەکراوەیی) نەکەین، ئەگەر (کۆمەڵ) یکی ئێمە هەبێت، مردنی ئەو بۆشایی نەدەخستە نێوانمانەوە، بەڵکو تەنیا حەیف و خەسارێك بەمەرگی مرۆیەکی باش و مەزن لە کاروانی مەزنە میران و مرۆدستان: مخابن بۆ تێکرمانی دوور لەباوەڕ بە بانی بەرزو بڵندی شارێك. هەڵوەرینی گوڵێك بە بۆن و بەرامە لە باخێکدا، کوژانەوەی مۆمێك لە چلچرایەکدا، جوانە مەرگ بوونی جوامێر و سوارچاکێك لە گۆڕەپانی شەڕدا.

بەڵام (بەداخەوە) هەموومان دەزانین وانییە و ئەوەی تاڵاوی مەرگی سەمەدمان بە گەرودا دەکات، فڕینی راستەقینەیەکی بێهاوتایە. مردنێکە بەڕاستی جێگای بەتاڵی لە چاو دەدا و قەتیش پڕنابێتەوە. شارێك بەراستی خاپوور دەبێت، نەك رووخانی سەربانێك، باخێکە بە تالاندەچێ و دەڕێژرێ، نەك هەڵوەرینی گوڵێك. چلچرایەك تێکدەقرمێ، نەك کوژانەوەی مۆمێك، مەتەرێزێکە خۆ بەدەستەوە دەدا، نەوەك لە پێکەوتنی شۆڕشگێڕێك!

سەمەد روخساری سەرسوڕهێنەری دەروەستی و پەیمان بوو. پابەندییەك کە بەراستی دەبوایە بە ئیمزای دێو و درنجانەوە، پێناسەکرابا: مێردەزمەی پابەندی!

- دیوانی پابەندی!
- بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە هیچ سەردەم و زەمانەیەکدا وەکو پابەندی و بەڵێنی رووناکبیران و هونەرمەندانی کۆمەڵگە نییە، کە مەترسی دەخوڵقێنێ و ئارامی تێکدەدات، دەبێتە هۆی ماڵوێرانی ئازار چێنی و بڵاوکەرەوەی تاریکی.

چونکە پابەندی حەزیایەکە، بەنرخترین گەنج و بەهای خەڵك دەپارێزێ، گەنجێك کە بە ئازادیی بەناوبانگە، مافی ژیانی هەر میللەتێکە. ئەو حەزیا پارێزەرە. دەبوایە لەبەردەست و پەلاماری مەرگدا نەبا، هەتاکو ئەو گەنجینە مەزنە لە دەست تالانچییان و چاوچنۆکان باشتر بپارێزێ، دەبوو هەژدیهایەك با، دوور لە مردن و ئاشتی بێ هەر شتێك، دەبوایە هەزار سەری هەبووایە و سەودایەك، بەڵام ئەگەر سەرێکی هەبێ و هەزار سەودا، مردن پەلاماری دەدات و خەزێنە بێ پارێزەر دەمێنێتەوە.

سەمەد سەرێکی ئەم دێوەزمەیە بوو.

ئەی خۆزگە.....بریا ئەو مێردەزمەیە لەم چەشنە سەرانە هەزاری دەبوو، هەزارانی هەبوایە!


سەمەد زمانی چیرۆکێك بە جۆرێ
هەڵدەبژێرێت، وەك بڵێیت ئەو چیرۆکە
بەر لەوەی سەمەد بینووسێت، بەخۆی بەو
شێوەیە هەبووەو سەمەد تەنیا ئەرکی
جێبەجێکردنی کەرەستەی بابەتی و بونیادی
چیرۆکەکەی کێشاوە،وەك بڵێی سەمەد
پردێکە بۆ پەراندنەوەی ئەو هەموو شتە.
واتا سەمەد بابایەکی رۆمانسی نەبوو